www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:43 3-10-2006

# کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە سەردانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیان کرد



کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی رۆژی 2006/10/2 لە دیوانی وەزارەت رێزدار چنار سەعد عەبدوڵڵا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە کە پێك هاتبون لە بەرێزان (محەمەد فەرەج سەعید و کامیل عەبدولقادر وەیس و محەمەد مستەفا و لوقمان عەبدولقادر).

شاندی میوان بێزاری خۆیان دەربڕی لەوەی لە هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە سەبارەت بەو گفتوگۆیانەی لە کۆنفرانسی یاسای خانەنشین و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە لەلایەن هەندێك رۆژنامەنوسەوە بە هەڵە بڵاوکرابویەوە.



لەلای خۆیەوە کامیل عەبدولقادر وەیس رایگەیاند: من لە نوسینێکی خۆمدا ئاماژەم بەوە داوە کە هیچ گومانێکم لە دڵسۆزی جەنابی وەزیر نییە لەو مەسەلەیەدا و راگەیاندنەکان زیادەڕۆییان کرد لە گواستنەوەی مەسەلەکاندا.

محەمەد فەرەجیش بەناوی کۆمەڵەکەوە گوتی: داوای لێبوردن لە بەرێزچنار خان و وەزارەت دەکەین لەوەی کە رویداوە و دەبوایە ئینساف و ویژدان لە گواستنەوەی مەسەلەکاندا هەبوایە نەك شێواندنی راستییەکان.

لەلای خۆیەوە چنار سەعد عەبدوڵڵاش رایگەیاند بەهیچ جۆرێك ئەو قسانە کار لە رەوتی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ ئەو شارە شەهیدە ناکەن لە پرۆژەکانی وەزارەتدا و کۆمەڵەکەشتان هاوکاری ئێمەن و بەردەوام هاوکاری یەکتر دەبین.

هەر لەو دانیشتنەدا بیرورا ئاڵوگۆر کرا بۆ ئەنجامدانی چەندین پرۆژە بۆ خزمەتی ئەو دەڤەرەو شەهیدو بریندارانی سنورەکە.